
www.kurdistannet.org
22-2-2006 12:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەنفال ... عەلی کەرکوکی



ئەنفال .. زامێکە...
کە هەرگیز سارێژ نابێتەوە.
کارەساتێکە...
لە چوار چێوەی کوردستاندا دەخولێتەوە.
تاوانێکە...
هەر کەس بە جۆرێک، بۆ مێژوو دەینووسێتەوە.
ڕووداوێکە...
هەتا کوردێک مابێ، بیرناچێتەوە.
ئەوان هاتن، بۆ ئەوەی..
ڕۆشنایی ڕۆژ لە کورد بڕەنجێنن.
ئەوان هاتن، بۆ ئەوەی..
شادەماری ژیان، لە جەستەی کوردا ببچڕێنن.
ئەوان هاتن، بۆ ئەوەی..
لەجێ ی ئاوەدانی، لانەو دەوارمان بڕوخێنن.
لای ئەوان، ئێمە کافر بووین!!
خۆیان موسڵمان.
لای ئەوان، ئێمە تاوانبار بووین!!
خۆیان بێ تاوان.
کاتێک هاتن، زۆر بێ بەزەیی یانە هاتن.
پێش ئەوەی بێن..
گەردوونیان ژەهراوی کرد!!!
کاتێک ڕۆیشتن..
182000 مرۆڤی کوردیان، بۆ مردن برد!!!
کچیان برد، کوڕیان برد
ژنیان برد، پیاویان برد
پیریان برد، منالْیان برد
هەر چی ماڵ و حاڵی کورد بوو..
لە ژێر ناوی ئەنفالدا.. تالانیان کرد!!!.
182000 دەنگ هاواری کرد
منالْ لە ترسانا بەگریانەوە..
باوەشی بەباوکا یا دایکا دەکرد!!
بۆ ڕزگار بوون، هەر هەموو دوعایان دەکرد
نە بەزەیی زەوی و نە بەزەیی ئاسمان
نەهاتە دادی هاواری کورد
لەگەڵ خوێن و فرمێسک و ترسا..
182000 ڕوحی کوردیان، زیندەچاڵ کرد!!!!!.